


# پەژارەی لە دەست چوونی ئەویندارێك لە بنەماڵەی موسیقی

/ئەنوەر ئەسەدزادە



بێستوون بڕیاری دا خەمی فەرهاد وەلابنێ وبە قەدەر باڵای بەرزی هەڵۆ ئاسای تاقەوسان گۆرانی خەمین پچڕێ. هەر لە کرماشان و هەورامانەوە تا مەهاباد گشت گۆرانی و ئاوازەکان، دەقەیەك بێ دەنگ دەبن لە بە ردەم قامەتی بەرزی رۆحی سازەکەت ئەی مامۆستای رەسەنایەتی بەخشی موزیکی کوردی، ئەی مەکۆی پڕ لە بیرەوەری کەڵەگۆرانی بێژانی وەك "زیرەك" و "عەلی مەردان" و "خالقی" و ....هتد.

ئەو کاتانەی زایەڵەی ناخی سازەکەت ئاوێتەی پڕ بەهاترین بیرەوەری ئەم خاکە دەبوو، مێلۆدی لە دایك دەبوو و هەستی پڕ شەرابی "سیا چەمانە" و "دیسان شەوهات" دەرکەی هەرماڵە عاشقێکی ئەم کوردستانە رەش پۆشەی ئێستای لێدەدا. دەنگی سازەکەت دەچووە ناو مەزرا و باخە ترێکان وئاوێتەی ناسکترین پێکەوەبوونی جێژوانەکانی کچان و کوڕان دەبوو. ئەی شاژەنیاری هەژێنەری خەمی موزیکی کوردی. ئەو کاتانەی رۆحی بڵندی سیمی سازەکەت ئارشەی خەمیناویی هەستی بەرزی تۆ دەیلاواندەوە سەرخۆش سەرخۆش چریوەو چەهچەهەی مەلی کوردستانی وێنا دەکرد.

بە داخ وپەژارەیەکی زۆرەوە لە رێکەوتی ٢٧ی پووشپەڕ بەرابەر لەگەڵ ٢٠٠٥/٧/١٦ مامۆستای مۆسیقا وگۆرانی "موجتەبا میرزادە" لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا بە هۆی وەستانی دڵیەوە لە ماڵی خۆیدا لە شاری تاران بۆ هەمیشە کاروانی موزیك و گۆرانی جێ هێشت و ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

موجتەبا میرزادە لە ساڵی ١٣٢٤ هەتاویی لە شاری کرماشان لە دایك بوو. ناوبراوسەرەڕای ئەو هەموو کەندو کۆسپانەی کە لە لایەن بنەماڵەکانەوە لەو کاتدا لە بە ردەم لاوان دا دادەنرا بە تایبەت بۆ فێر بوون لەبواری موزیکدا، لە تەمەنێکی کەمەوە بە هەوڵ وماندوونەبوونێکی بێوچان هەموو ئەو کەندوکۆسپانەی وەلاناو، توانی دوای ماوەیەك گەشەیەکی بە رچاو لەو بوارەدا بە دەست بهێنێ. توانایی و لێهاتووییەکانی لەوبوارەدابووە هۆی ئەوەی کە لە رێگەی مامۆستا "حەسەن کامکار"ەوە بچێتە ناو ئۆرکێسترای رادیو سنەوە، پاش کۆمەڵێك ئەزموونی بە نرخ کە لە لایەن ئەم مامۆستایەوە بە دەستی هێنابوو دەگەڕێتەوە بۆکرماشان و لە وێ لە گەڵ چەند گۆرانیبێژی ناسراوی ئەوکات وەك "حەسەن زیرەك" ،"مەزهەری خالقی"، "خۆشنەوا"و "هاشم رەبیعی" چەند بەرنامەیەك ئاراستە دەکەن. پاشان لە ساڵی



١٣٤٧ دەچێتە ناو یەکێک لە سێ ئۆرکێسترا بەناو بانگەکەی رادیۆ تاران و لە وێدا درێژە بە کارو چالاکییەکانی لەو بوارەدا دەدا.
لە ساڵی ١٣٤٩ هاوکاریی خۆی لە گەڵ فەرهەنگ و هونەر لە تاران دەست پێدەکا و هەر لەوێ بۆ ناساندنی موسیقای سوننەتی ئێرانی سەردانی چەندین وڵاتی وەک ئامریکا، فەرانسە، ئاڵمان و....هتد دەکات. ناوبراو شارەزایی لە ژەندنی زۆربەی سازە سوننەتییەکانی ئێراندا بوو، بەڵام سازی تایبەتی خۆی ویولۆن بوو. میرزادە لە بواری موسیقای فیلمیشدا شارەزایی بووە و کۆمەڵێک چالاکی گرنگی لەم بوارەش دا نواندووە.
بەراستی لە دەست چوونی کەسی تواناو لێهاتووی وەک ئەم مامۆستا دەست رەنگینە بۆ بنەماڵەی موسیقاوگۆرانی کوردی و فارسی خەمێکی گرانەو هەر بەم بۆنەوە ئێمە لە لایەن خۆمانەوە سەرەخۆشی ئاراستەی سەرجەم هونەرمەندانی کورد بە تایبەتی هونەرمەندانی بواری موسیقا دەکەین.

## "شێرکۆ بێکەس"،"کورسی" و "محەمەدی هەوراز" لە ئێوارە کۆڕێکی زرگوێزەڵەدا





ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە ٢ی پووشپەڕ دوابەدوای بەڕێوەچوونی ئاهەنگی رۆژی پێشمەرگە لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵە ئێوارە کۆڕێک بۆ بەرهەمی نوێی شاعیری گەورەی گەلەکەمان مامۆستا "شێرکۆ بێکەس" لە ناونیشانی "کورسی" بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبان و شیعردۆستانی رۆژهەڵاتی کوردستان گیرا. شایانی باسە کە ئەم شیعرەی بەرهەمی نوێی مامۆستا شێرکۆیە و بۆ یەکەمین جاریش بوو کە لە تریبوونێکەوە دەخوێنرایەوە و مامۆستا شێرکۆ هەروەک بەر لە دەسپێکی دەقی شیعرەکەی ئاماژەی پێدا ئەمەی نیشانەیەک لە خۆشەویستی و دۆستایەتی کۆنی لەگەڵ کۆمەڵە زانی. جێی باسە کە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە پتر لە ٢ سەعاتی خایاند کە هەمووان بە سەرنجەوە تا کۆتایی شیعرەکە تامەزرۆیانە نیشتنە پای.

بڕیاریشه له ڕۆژانی داهاتوودا دەقی ئەم بەرهەمە لە ستۆدیۆکانی کانالّی ئاسمانی کودرسات بە دەنگی مامۆستا تۆمار بکریّ و هەروەها چاوەڕوان دەکریّ بەشی چاپ و بلاّوکردنەوەی (نەوا) دواتر ئەم تیّکستە بە تیراژی ٣٠٠٠ دانە و بە شیّوەیەکی نایاب و بە دیزانیّکی هونەری چاپ و بلاّو بکاتەوە.

بەلاّم "کورسی" چییە؟ "کورسی" کۆکردنەوەی چوار پیّنج ژانیّری ئەدەبییە لە یەك دەقدا. واتە لە "کورسی"دا شیعر، چیرۆك، پەخشان، شانۆنامە و تەنانەت ریّپۆرتاژی رۆژنامە و قسەوباسی ئاسایشی تیّدایە. بەلاّم تەوەرە وبیرۆکەیەك، ئەو ژانیّرانە بە یەکەوە گریّ دەدا و ئەویش لە ریّی گیّڕانەوەی ئەو دیتن و ئەزموونانەی کە کورسی چاپخانەیەك لە شەویّکی دریّژی زستاندا بۆ هاوڕیّکانی ئەگیّڕیّتەوە.

# مشتو مڕی نێوان برێشت_لۆکاچ

وەرگیّڕ لەفارسییەوە: عەتا ناسرسەقزی

**• لە بەرامبەر ریالیزمی لۆکاچیدا، کە چەند بەرهەمیّکی ئەدەبی-ریالیستی (بەرهەمەکانی تۆلستۆیوبالّزاك) وەك نموونەیەکی ریّنویّن، دەستنیشان کردبوو، برێشت پیّداگری دەکرد لە "شیّوازە جیاجیاکان" و بەکار هیّنانی "فۆرم" نەك"فۆرمالیزم"، بۆ دەربڕینی "راستییەکان".**




برتۆلّد بریّشت و گیۆرگ لۆکاچ یەکیّك لە دیارترینو بەرچاوترین هونەرمەندان وفەیلەسوفانی بزووتنەوەی چەپ لە دەیەی ١٩٣٠ دا بە ئەژماردەهاتن. لە سالّی ١٩٣٣وە تەواوی جولەکە چەپەکان ناچار بوون کۆچ بکەن، یان لە ولاّت دورخرانەوە. لۆکاچ تا سالّی ١٩٤٥ لە مۆسکۆدا دەژیا و بریّشتیش ماوەیەك لە دانیمارك مایەوەو چەن جاریّکیش رووی لە بەرلین و مۆسکۆ کرد. لۆکاچ لەم دەورانەدا رووی لە ئیستاتیکاو رەخنەی ئەدەبی کرد. لە دەورانی نازیزمدا روانگە ئەدەبییەکانی لۆکاچ لە ئۆرگانی رەسمی کۆچبەرانی کۆمۆنیستی ئالّمانی بە شیّوەیەکی روو لە زیاد کاریگەری هەبوو هەروەها بووە کەرەسەیەك بۆبەرپەرچدانەوەی ئەو هیّرشە سیاسییانەی کە دەکرایە سەر "چەپگرایی". بنەما و حوکمە ئیستاتیکییەکانی لۆکاچ لە یەکیّتی سۆڤیەتدا، بوو بە چەشنیّك سەرچاوەو مەرجەع و هیّزیّکی بەرینیبۆ خۆی دەستەبەر کرد. هەر ئەو هیّزەی کە بریّشتی خستە ژیّر زەخت ولە پەڕاویّزی نا. یەکیّك لە ئامانجەکانی تری لۆکاچ لە دەورانی تەبعیددا هیّرشکردنە سەر میراتی ئیّکسپیّرسیونیزم بوو لە ئەدەبیاتی ئالّماندا، کە بریّشت لە شانۆگەرییەکانی سەرەتای دەیەی بیستیدا دەکەوتە ناو ئەم سوننەتە گشتگیرەوە. وتارە گرنگەکەی لۆکاچ لە سالّی١٩٣٤ دا بە ناوی" گەورەیی وزەوالّی ئیّکسپیّرسیونیزم"وە بوو، کە لەو کاتەدا "بلۆخ" لە نوسراوەکانیدا لە ئیّکسپیّرسیونیزم بەرگری دەکرد.

له راستیدا "تەمەنی موناقەشە لە سەر ریالیزم" لەناودڵی موناقەشەکانی لۆکاچ وبلۆخ دەرکەوت. دووساڵ دوایی ئەوە لوکاچ چڕترین و ناوەندیترین وتاری خۆی نووسی بە ناوی " تەوسیف یان ریوایەت" کە بریتی بوو لە چەمك وبنەمای سەرەکی ریالیزمە ئەدەبییەکەی، کە تا کۆتایی تەمەنی لە گەڵیدا مایەوە، وەك: دژایەتی نێوان ناتۆرالیزمو ریالیزم، چەمکی کەسایەتی نەوعی(typical) لە تۆڕی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتیو تاکەکەسی، رەدی راپۆرتی دەرەکیو پێسیکانالایزمی دەروونی، جیاوازی نێوان وەسفی پاسیڤو رەوایەتی ئەکتیڤ، رێز لێنان لە باڵزاكو تۆلستۆی وەك مودێلەکانی کلاسیك بۆ رۆمانی ریالیستی هاوچەرخ. لە بەرامبەردا، دەستەیەك لە هونەرمەندانی مۆدێرن کە لارییان هەبوو، یان چاوپۆشیان دەکرد لەم نۆرمانە کە نەزم ئەدەن بە ئافراندنی ئەدەبی، لە لایەن لۆکاچەوە مۆرکی "فۆرمالیست بوون"یان لێدەدراو دەکەوتنە بەر رەخنەی توند. لەم کاتەدا، برێشت ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری "Das Wort"(وشە) بوو، کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٦و١٩٣٩دا لە مۆسکۆ دەردەچوو. هەر لەم گۆڤارەدا بە بەشداری کەسانێك وەك ئێرنست بلۆخ و هانس ئایزلێر، موناقەشە لە سەر ئێکسپێرسیونیزم دەستی پێکردبوو. لە ساڵی ١٩٣٨دا، برێشت لە یادداشتە تایبەتییەکانیدا هێرشی راستەو خۆی کردە سەر ریالیزمی لۆکاچی.

ئەم دەقانە بۆ ئەوەی کە لە "Das Wort"دا بڵاوبێتەوە نوسرابوون، کە چوار دەقی گرنگیان بریتین لە:١-وتارەکانی گیۆرگ لۆکاچ ٢-دەربارەی سروشتی فۆرمالیستی بیرۆکەی ریالیزم ٣- تێبینییەك لە سەر وتارێك ٤- خەڵکی بوون و ریالیزم. هیچکام لەم نوسراوانە لە کاتێك کە برێشت لە ژیاندا بوو، لە"Das Wort" یان هیچ جێگایەکیتر بڵاو نەبووەوە. هەتا ئێستاش ئەمە نادیارە کە ئایا برێشت ئەمانەی بۆ ئەو گۆڤارە ناردبوو یان نا، یاخود ناردبوویو ئەوان وەریان نەگرتبوو، یان تێبینی فەننی تایبەتی خودی برێشت، ئەوی لە چاپ کردنیان پەشیمان کردبووەوە. بنیامین ئەم نووسراوانەی خوێندبووەوە و لە یادداشتەکانی دەربارەی برێشت باسیان دەکات.

سەرەنجام لە ساڵی ١٩٦٧دا و پاش کۆچی دوایی برێشت بوو کە ئەم نووسراوانە لە لایەن دەزگای چاپوپەخشی Suhrkamp لە ئاڵمانی رۆژئاوا بڵاو بووەوە و بووە جێگای سەرنجی نەوەی شۆڕشگێری دەیەی شەست. ناکرێت دەسەڵاتی سیاسی و فیکری لۆکاچ لە ئۆردووگای چەپدا لە بەر چاو نەگرین کە کەموزۆر برێشتی ترساند بوو. لەم دەقانەدا بێجگە لە وتارە دوولاپەڕەییەکەی یەکەم، کەم تاکورتێك هیچ ناوێك لە لۆکاچ نەبراوە. شێوەی ئاخاوتنی برێشت لەم نوسراوانەدا، سەرەڕای هێرشە بنەڕەتییەکەی، نەرمو ئاشتیخوازانەیە.

لە بەرامبەر ریالیزمی لۆکاچیدا، کە چەند بەرهەمێکی ئەدەبی-ریالیستی( بەرهەمەکانی تۆلستۆیوباڵزاك) وەك نموونەیەکی رێنوێن، دەستنیشان کردبوو، برێشت پێداگری دەکرد لە "شێوازە جیاجیاکان"و بەکار هێنانی "فۆرم" نەك"فۆرمالیزم"، بۆ دەربڕینی "راستییەکان". بە بۆچوونی برێشت، ریالیزمی لۆکاچی، لە سروشتی خۆیدا "فۆرمالیستییە"، چونکە فۆرمی چەند بەرهەمێکی ئەدەبی "تایبەت"،رەها(موتڵەق) دەکاتو لە بەرامبەر بەرهەمەکانیتر گرنگی زیاتری پێئەداتو ریالیزمەکەی خۆی لە سەر ئەو بنەمایە قایم دەکات.

ئەمەش لە روانگەی برێشتەوە بە مانای دوورییە لە هەمان "راستی" کە ریالیزم خۆی پێوەخەریك کردووەو خۆی بە بەڵێندەری راستەقینەی دەزانێت. برێشت پێی وابوو واقعییەت دەگۆڕێت، کەوابوو فۆرمی دەرخستنەکەشی دەبێت بگۆڕێت. کەسانێك وەك برێشت، بنیامین، ئادۆرنۆو مارکوزە کە هەر هەموویان لە ناو سوننەتی ئیستاتیکی مارکسیستیدا بوون، بەرامبەر بە تەواوی ئیستاتیکای مارکسیستی"ئۆرتۆدۆکس"، پێداگرییان دەکرد لە سەر شۆڕش لە "فۆرم"دا. بۆ تێگەیشتن لەرەخنەی برێشت لە سەر لۆکاچ و کەشفی برێك ناتەبایی ریالیزمی لۆکاچی، دەبێت هەر لەم روانگەوە بڕوانین.

# (...)



فەرزین

راڤەی ناوێ
کافییەبنووسم
سەماو چەن هەڵوەرین
سرك وچەن گێژەنی کوشندە
راڤەی ناوێ
دڵنیام

هەرتەنیابادەزانێ
تاسەکانم
بە باڵای کام چنارینی نیگامەوە
شۆڕ بوەتەوە ....
تەنیا پانتایی سینگم دەزانێ
ناسکە حەپەساوەکانی چاوم
لە مابەینی چلۆن سێوێکا
بە لاپاڵی چلۆن عەشقێکەوە
گیرساوەتەوە ...
نا... نایەوێ بنووسم
لەرزین تامردن
چەن زێ و رێی نەلەرزێ



چەن هەنگاوتر...
دەگەمە
سەمای بەرزە بی و
شۆڕە بەی
دەستم ناگا بە تەشقی هەڵوەرینما
تۆ... هەنار
تۆ... دار گوێزەکەی حەوشەکەمان
تۆ... ئازارەکانی دایکم
تۆ...حەزە سرکەکانی رۆحم
تۆ... شێتیەتی ئەندێشەم
تۆ... تۆ...هەرتۆ...
من مردووم
من دەمرم
من تا مردوویەتی دوێنێم
دەلەرزم و
بە باڵای گێژەنەکانی خۆمە
ش
ۆ
ڕدە
بمەوە

١٣٨٢/٧/٦
سەقز

# مەهاباد شوانە و مەشخەڵ بەدەستەکانی



ناسری حیسامی

شوانەی سەید قادر، لە چەند رۆژی رابوردوودا، سەرنج و سۆزی بەشێکی گەورەی خەڵکی کوردستانی بۆ لای خۆی راکێشا. ئەوەی ئەو سەرنج و سۆزە بەرینەی بزواند، تەنیا مەرگی دڵتەزێنی شوانە نەبو، بەڵکوو فیداکاری وئازایەتیی بەناوبانگی شوانەش بوو. شوانە شۆڕشگێڕێکی راستەقینەی رێگای رزگاریی و نەتەوەیەکی بن دەست بوو، هەر بۆیە بە بێ ئەوەی هیچ دەزگا و بنکە و رێکخراوەیەك ناسناوێکی پێ ببەخشێ، شوانەلە دڵی خەڵکی خۆیدا بوو بەرەمز و هێمای شۆڕش و خۆڕاگری. شوانەوکۆمەڵێك لاوی وەکوو ئەو، لەمەهاباد هەموو رۆژی هەیبەتی دەسەڵاتی داگیرکەریان دەشکاند. برینەکانی جەستەی شوانە نیشاندەری ئەوەن کە ئەم شۆڕشگێڕە ئازایەی رێگای رزگاری بندەستان، لە بەرچاوی دەسەڵاتی داگیر کەر، ببو بەپەیکەرەی لە شکان نەهاتووی وەستانەوە و خۆڕاگری. دەسەڵاتی داگیر کەر، ساڵەها نەفرەت و رقی شوانەی لە دڵدا کۆکردبووەوە، بۆیە وا دڕندانە ئازاریان دابوو.

شوانە، خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەیە کە ئازادیخوازانی کوردستان ساڵەهایە لە شیعرەکان و سروودەکان وبیرەوەرییەکا ن و تەنانەت لە ئەفسانەکانیاندا لە بابەت پێشەنگێکی کۆڵنەدەری رێگای رزگاری باسی دەکەن.

خەڵکی مەهاباد، کە هەفتەیەکە شەقامەکان و کۆڵانەکانی شاری خۆیانیان بە مەشخەڵی ئاگر وبەدەنگی سروود ئاوەدان راگرتووە، شوانەی خۆیان لە هەموو کەس باشتر ناسیوە، هەر بۆیە بەم شێوە شکۆدارە رێزیان لێگرت.

لە دەرەوەی مەهاباد، بە داخەوە، ئەم رووداوە تائێستا وەڵامێکی شایستەی پێ نەدراوەتەوە. حەق وابوو، ئەم رووداوە، چ وەك کردەوەیەکی سەرکوتگەرانەی دەسەڵاتی داگیرکەر و، چ وەك نموونەیەکی ئاشکرای تێرۆریزمی ئیسلامی، زیاتر بایەخی پێدرابا.

ئەگەر حیزبێکی سیاسی بیهەوێ نیشان بدا لەو دیوی دیوارەکانی حیزبەکەی خۆشی، بایەخ بە خەباتی هەموو جەنگاوەرێکی وەك شوانە لە رووی دەسەڵاتی داگیر کەردا بکاتە هەوێنی هاوپشتیی و یەکانگیرکردنی ریزەکانی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد، ئەوا دەتوانێ زۆر لەوە بەرینتر بەرەو پیری ئەم رووداوەبچێ.

لەکاتێکدا کە ئەم رۆژانە شەپۆلێکی بەرینی بێزاری لە تێرۆریزمی ئیسلامی زۆربەی وڵاتانی جیهانی و بە تایبەتی وڵاتانی ئورووپای داگرتووە، جەماوەری کوردەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات و لە پلەی یەکەمدا کوردەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانن ئەم رووداوە وەك نموونەیەکی تێرۆریزمی ئیسلامی بەرنە ناو بیروڕای گشتی ئورووپا. دەتوانن دیمەنی شاری مەهاباد، بە دووکانە داخراوەکانییەوە و بە خۆپیشاندانی شەوانەی لاوانی مەشخەڵ بەدەستەوە، وەك دیمەنی شارێکی داگیرکراو کە بە رووی داگیرکەراندا راپەڕیوە، بەرچاوی هەمووان بخەن وپشتیوانی بۆ کۆ بکەنەوە.

راپەڕینی خەڵکی خۆڕاگری مەهاباد پێویستە زۆر لەوە زیاتر پشتیوانی لێ بکرێ. ئەوانەی لە مەهاباد راپەڕیون بەشێك لە جەماوەری خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانن، جەماوەرێك کە بە دەیان هەزار تێکۆشەری لە دەرەوەی وڵات نیشتە جێن و دەتوانن کارێکی وا بکەن هاواری خەڵکی ئەوشارە خۆڕاگرە، دەنگدانەوەیەکی چەند قات زیاتری هەبێ.

٢٠٠٥/٧/١٦

# قەلەڕەشی وەجاخ کوێر

جەبار سابیر

قەلە ڕەشێکی وەجاخ کوێر هەبوو، هەموو ڕۆژێ دەچووە گوندەکە بۆلای مریشك وقەلەکان. کە دەیبینی ئەوان لە گەڵ بەچکەکانی خۆیان، زۆرشادمان و بەختیارن لە بەر دڵی زۆرگران بوو.



بەخۆی ئەووت، بەشەرتان بەم، بزانن چیتان بە سەردێنم.... بۆ ساڵی داهاتوو، مریشك و قەلەکە هێلکەیان کردو لە سەری کڕکەوتن.....

ڕۆژێك کە ئەوان بۆ دانە وێڵە خواردن لە سەر هێلکەکان هەستابوون قەڵەڕەش چوو بە دزییەوە، هێلکەی مریشکەکەی هەلگرت وبردیە ناوهێلکەی قەلەکەو، هێلکەی قەلەکەشی برد لە شوێنی هێلکەی مریشکەکەی دانا.

ئەوان بێئاگا، بەفێڵ و دەهۆی قەلەڕەشی وەجاخ کوێریان نەدەزانی تاچوار هەفتەکە تەواوبوو، هێلکەکانی ئەوان هێندێکی پیس و زۆربەشی بوونە جووجك، مریشك کە هەر چەند سەیری دەکرد ئەو بەچکەیان رەش و گەورەو درێژەو شێوەی لە خۆی و لە جووچکەکانی تر ناچێت ......!

بیری کردەوە، هەبێ و نەبێ ئەمە قەلەکە وای لێکردووە و هێلکەکەی ئەمی دزیوە....!

قەلەکە لە بەرگێلی خۆی هەستی بەوە نەکردبوو، ئەو بەچکەیەی ئەویش زەردوو ناسکەو لە قەلەکانی تر ناچێ، کاتێ مریشکەکە هات یەکسەر تووڕە بوو بەچ حەقێ قەلەخان بە خۆت ڕەوادەبینی هێلکەی من بدزی.....

ئەو بەچکەیەی من لای تۆچیدەکات، قسە لەم وقسە لەو بوو بە شەڕیان یەکتریان لە خۆڵەکە وەردا، قەلەڕەشە وەجاخ کوێرەکەش لە سەرەوە پێیان پێدەکەنی..کە سەریان هەڵبڕی و قەلەڕەشەیان بینی ئەتریقێتەوە، مریشکە خان ووتی، هەمووبەزمەکە ئەم قەلەڕەشە وەجاخ کوێرەیە! چونکە خۆی بەچکەی نییە، دەیەوێ ئێمەش بەشەڕ بات..!دیارە ئەو هێلکانەی ئێمە ئەو گۆڕیویەتی..

قەلەڕەشە وەجاخ کوێرەکە شەرمەزاربوو هەڵفڕی...

مریشك و قەلەکەش پێکەوە ئاشت بوونەوە و لە بەر ئەو دووبەچکەیەش بڕیاریاندا بۆلەمەو دوا پێکەوە بژین.

# ((كەروێشك))

جەبار سابیر

-كەروێشكێكی بچووكم
گوێ قووت و ئێسك سووكم
تووك درێژ و سپی و سۆڵ
حەز ئەكەم بە جم وجۆڵ
خواردنم گژ و گیایە
هێلانەم لە گڵدایە
هەندێك پێم دەڵێن: گێلەو
زۆریش دەڵێن:وریایە
بەڵام من بێزیانم
هاوڕێی گشت منداڵانم

